# به ترساندن سەرخراوم، وكلیلەكانی زەویم پێبەخشراوە، وناونراوم ئەحمەد، وخاكی سەر زەوی كراوە بە پاككەرەوە بۆ من، وئومەتەكەم كراوە بە باشترین ئومەت

له عەلی كوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی پێم بەخشراوە بە هیچ یەكێك لە پێغەمبەران نەبەخشراوە»، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوە چییە؟ فەرمووی: «بە ترساندن سەرخراوم (ترس خستنە نێو دڵی دوژمن پێش ڕووبەڕووبونەوەیان)، وكلیلەكانی زەویم پێبەخشراوە، وناونراوم ئەحمەد، وخاكی سەر زەوی كراوە بە پاككەرەوە بۆ من (بۆ تەیەموم كردن)، وئومەتەكەم كراوە بە باشترین ئومەت».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەوەی پێم بەخشراوە بە هیچ یەكێك لە پێغەمبەران نەبەخشراوە): هەموو یەكێك لەمانەی كە باسكراوە پێشتر) نەدراوە بە هیچ كەسێكی تر. (بە ترساندن سەرخراوم -ترس خستنە نێو دڵی دوژمن پێش ڕووبەڕووبونەوەیان-): واتا دوژمنەكان لێم دەترسن، وئەمیش بووەتە هۆی پچڕانی دڵی دوژمنەكان ولاوازبوونی هێزیان وپەرتەوازەكردنی كۆبوونەوەیان. (وكلیلەكانی زەویم پێبەخشراوە): واتا ئەو هۆكارانەی پێبەخشراوە كە دەبێتە هۆی كردنەوەی داخراوەكان ئەوانەی سەخت وناڕەحەتە گەیشتن پێیان. (زەوی): لێرەدا ئاماژەیە بۆ پەیمانی خوای گەورە بەوەی خاك و وڵاتان فەتح وڕزگار بكرێن وبێنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە. (وناونراوم ئەحمەد): پێش ئەو هیچ كەسێك ناونەنراوە بە -ئەحمەد:أحمد- ئەمیش بۆئەوەی خوای گەورە پەیامەكەی بپارێزێت لە گومانی دڵە لاوازەكان چونكە ئەو وەسفكراوە بە -ئەحمەد- لە كتێبەكانی پێشوودا. (وخاكی سەر زەوی كراوە بە پاككەرەوە بۆ من -بۆ تەیەموم كردن-): لە كاتی دەستنەكەوتنی ئاودا -یان نەتوانرێت بەكاربهێنرێت بەهۆی هەر هۆكارێكی ترەوە-.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10025

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee